کارڵ مارکس

# بڕیارەکانی کۆبوونەوەی بەرفراوان بە یادی کۆمۆنەی پاریس

کۆبوونەوەی بەرفراوان کە بە بۆنەی یادی18مارس1871بەسترا، ئەم بڕیارانەی خوارەوە وەرگرت:

**1**

بزووتنەوەی قارەمانی 18یمارس، شەفەقی شۆڕشێکی کۆمەلایەتی مەزنە کە بۆ هەمیشە مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەی چینایەتی رزگار دەکا.

**2**

ئێمە ڕایدەگەیەنین کە گەمژەیی و تاوانی چینی بۆرژوای یەکگرتوو لە هەموو ئۆروپا، بە ڕق وقینەیان لە کرێکاران، بڕیاری مردنی داوە لەسەر کۆمەڵگەی کۆن، حوکمڕانییەکەی هەر شێوەیەك بێ، پاشایەتی یان کۆماری.

**3**

کۆبوونەوە ڕایدەگەیەنی کەوا ئەو هێرشە خاچپەرستانەیە کە هەموو حکومەتەکانی ئۆروپا لەدژی ئینتەرناسیونال بەرپای دەکەن وئەو تیرۆرە، چ لەلایەن فەرسالییە پیاوکوژەکان یان پڕوسە بەزێنەرەکانیانەوە دەکرێ، دوو گەواهین لەسەر لاوازی سەرکەوتنەکانیان و بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە لەشکری پرۆلیتاریای جیهانی مەزن لەپشت پێشڕەوانی نەبەز ڕادەوەستێ کە بە هاوکاری ڕەنجەکانی تییر و غلیوم، قەلاچووکران.

مارکس لە 13و18مارسی1872 بە زمانی فەرەنسی نووسیویەتی.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com